# وێنەی ڕوونبێژی
# لە شیعرەکانی حەمدیدا

پ.ی.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد – د. فەرهاد قادر کەریم

## پێشەکی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکیمان بایەخدانی زۆریەتی بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان بەگشتی و ڕوونبێژییەکان بەتایبەتی، ئەمانەش لەلایەکەوە دەقە شیعرییەکانیان ڕازاندوەتەوە و لەلایەکی ترەوە بیری دەقەکانیان بەرجەستە کردووە، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەخشینی نەمریی بە شیعری کلاسیکیمان، ئەم دیاردەیەش وەکو ڕاستییەك لەنێو دەقە شیعرییەکانی (حەمدی)دا ڕەنگیداوەتەوە، و زۆرێك لە نووسەر و ڕەخنەگران ئەو گەواهییەیان بۆ داوە، بۆیە بە پێویستمان زانی (وێنەی ڕوونبێژی لە شیعرەکانی حەمدیدا ) بکەین بە کرۆکی توێژینەوەکەمان.

## ڕوونبێژی

ڕوونبێژی چالاکترین بەشی ڕەوانبێژییەو ڕۆڵێکی دیارو کاریگەر لە بنیاتی وێنەی شیعریدا دەبینێت و (( لەو زاراوە جێماوانەیە ، کە لە واتای وێنەوە نزیك دەبێتەوە. ))(١) و هەمیشە شاعیران لە هەموو سەردەمەکاندا پەنایان بۆ بردووەو کردوویانەتە ئامرازێك بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان بە خوێنەران، واتە (( ئەو زانستەیە کە بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز یەك واتامان بۆ دەردەبڕێت و ڕوونکردنەوە لە سەر واتای مەبەست دەدات.))(٢) یان دەتوانین بڵێین ئەو ئامرازەیە ، کە ئەرکی لابردنی دەمامك لەسەر واتاکان و ئاشکراکردنی مەبەستەکان دەبینێت ، ڕێگا جیاوازەکانیش مەبەست لە هونەرە ڕوونبێژییە جۆراوجۆرەکانە ، کە هەریەکەیان بۆ خۆیان جۆرێك لە وێنە پێکدێنن((حەمدی وەك شاعیرێکی گەورەو بە دەسەڵات لەو هونەرە(بەش) ڕەوانبێژییە زۆر باڵادەستە ، وێنەی جوان و تازەی داهێناوە.))(٣) لێرەدا بەپێی هونەرە ڕوونبێژییەکان جۆرەکانی وێنە لای شاعیر دیاریدەکەین :-

### أ – وێنەی لێچواندن

ساکارترین شێوازی هونەرییە لە وێنەگرتندا ، یەکێکە لە ڕازاوەترین شێوازەکانی گوزارشتکردن و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی شیعرەو لەو هونەرە ڕوونبێژییانەیە ، کە لە زۆر زووەوە

سەرنجی لێکۆڵەرو رەخنەگرانی بۆلای خۆی راکێشاوە ، ئەمەش بەهۆی ئەو رۆڵە کاریگەرو بەرچاوەی کە لە دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتیدا دەیبینێت، (( دەقی ئەدەبی نایاب بۆ ئەوە پەنا نابەتەبەر لێچواندن کە وەسفەو بەس ، بەڵکو وەکو پێویستییەکی هونەری، کە شێوازی دارشتنەکەی لە سەر بنیات دەنرێت سوودی لێوەردەگرێت، هەرچەندە لێچواندن رەگەزێکی بنەرەتییە کە بەهۆیەوە دەقەکە جوانی و نزیکبوونەوە لە تێگەیشتن بەدەست دەهێنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا توخمێکی پێویستە بۆ گەیاندنی واتای مەبەست لە هەموو روویەکەوە ، چونکە لێچواندن نواندنی وێنە وجێگیرکردنی بیرەوەری و فەراهەم کردنی پێداویستیە دەروونییەکانی تێدایە.))(٤) واتە لێچواندن وەك چۆن ئامرازێکی جوانکارییە ، ئاواش پێویستییەکی دەقی شیعرییە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان بە خوێنەرانی دەقەکەو بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر دەروونیان ، (( ئەگەر ورووژاندنی سۆز یەکەم ئامانجی ئەرێنی وێنە بێت ، ئەوا گومانی تێدا نییە ، کە چەند پاڵنەرێکی بیرییش لای شاعیر یا نووسەر هەن کە لە رێگەی لێچواندنەوە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەوەی، کە لە دەروونی چێژوەرگردا هاوتایەتی ئاراستە دەکرێت ، پێوەندی لێچواندنیش بەم پاڵنەرانەوە بە زۆری پێوەندی روونکردنەوەو ئاشکراکردنە یاخود پێوەندی کورتبڕی و کورت کردنەوەیە یان زیادەڕۆیی و بەتەنکردنە.)) (٥)

لێچواندن بۆ خۆی (( پێوەندییەکی بەراوردکارییە دوو جەمسەر بە مەبەستی یەکگرتن یان هاوبەشی کردنیان لە پەسنێك یان دۆخێك و یان کۆمەڵە پەسن و دۆخێکدا کۆدەکاتەوە،ئەم پێوەندییە دەشێ پاڵپشت بێت بە چواندنێکی هەستی یا چواندنێك لە حوکم یا پێداویستی زەینیدا، کەوا هەردوو جەمسەرە بەراورد کراوەکە پێکەوە دەبەستێت ، بەبێ ئەوەی پێویست بێ هەردوو جەمسەرەکە لە شێوەی ماددی یاخود لە زۆربەی پەسنە هەستییەکاندا هاوبەش و چوونیەك بن.))(٦)

لە پێکهاتەی ئەم هونەرە روونبێژییەدا چوار رەگەز بوونیان هەیە، ( لێچوو ، لەوچوو ، ئامراز ، رووی لێچون)، دوو رەگەزی یەکەم کە لاکانی لێچواندنیان پێدەوترێت بنەرەتین و بەبێ ئامادە بوونیان هونەرەکە دروست نابێت و دووەکەی تریش بە لاوەکی دادەنرێت ، بۆیە ئامادەنەبوونیان کار ناکاتە سەر تێکدانی پێکهاتەی وێنەکە ، ئەوەی سەبارەت بە لاکانی لێچواندن پێویستە بخرێتەڕوو ، ئەوەیە هەریەکەیان لە پرۆسەکەدا بە سەربەخۆی دەمێننەوەو ئاوێتەی یەك نابن بە جۆرێك لە یەکتریدا بتوێنەوە ، بەڵکو زیاتر گواستنەوەیە لە بارێکەوە بۆ بارێکی ترو بەرامبەر یەك راگرتنی هەردوو بارەکەیە بەمەبەستی بەراوردکردنێکی ئەندیشەییانەیان بەهۆی ئەو هێڵە پەیوەندییەی کە لە نێوانیاندا هەیە. هەتا ماوەی نێوان (لێچوو) و (لەوچوو) دوورتر بێت وێنەکە جوانتر و کاریگەرییەکەشی لەسەر دەروون زیاتر دەبێت.(٧)

مەبەستی شاعیر لە پێکەوەنانی وێنەی لێچواندن دەرخستنی (لێچوو) ە ، بەڵام داهێنانەکە لەو (لەوچوو)ەدا خۆی دەبینێتەوە ، کە بۆی دەیهێنێت و مەبەستەکەی روونده‌کاتەوە ، لەمەشدا جۆری پێوەندییەکەی نێوانیان دەبێتە پێوەر بۆ سەرکەوتنی شاعیر، بەو پێیەی هەتا پێوەندییەکان نوێ و سەرنجڕاکێش بن وێنەکانیش داهێنراو دەبن . ((حەمدی هەموو شێوە جیاجیاکانی ئەو هونەرەی

بەکارهێناوە ، وێنەکانی دەستڕەنگینی ئەوی پێوە دیارە.)) [8] هەروەها دەتوانین بڵێین هونەری لێچواندن لە هەموو هونەرەکانی تر زیاتر ڕۆڵی لە دروستکردنی وێنەکانیدا بینیوە ، جا لە بەر ئەوەی(( لێچواندن چێژی شاعیرو سەردەمەکەی ئاشکرا دەکات))(٩) ، بە پێویستی دەزانین سەرنجێك لە هەندێ لەو وێنانەی بدەین ، کە لە سەر بنەمای ئەم هونەرە بنیات نراون :-

**ئەطلەسی** گەردوون کە پێوانەی ئەکا **خەییاطی** دەهر
کورتە بۆ باڵای **طەماعی** تاقە عوریانی دەخیل [١٠]

شاعیر سەرەتا بە هێنانی وشەی (**ئەطلەس**) هونەری (توانج پۆشی) دروستکردووە، چونکە دوو واتای هەیە. واتای یەکەم و نزیکی (نەخشە)یە و دووەم و دووری(جۆرە کوتاڵێکە)، شاعیر مەبەستی لە واتای دووەمەو ئەوە دەخاتەڕوو ، کە ئەگەر هەموو گەردوون ببێتە کوتاڵی (**ئەطلەس**) و ژیان یان زەمانەش ببێتە (بەرگدروو) و بیدروویت ، بەلای مرۆڤی چاوچنۆکەوە ئەو کاڵایە کورتەو بە قەد باڵا نییە .

وێنەکە لەسەر بنچینەی (لێچواندنی ڕەوان) بنیات نراوە ، (**ئەطلەس** – لەوچوو) خراوەتەسەر (گەردوون – لێچوو) و (**خەییاط** – لەوچوو) خراوەتەسەر (دەهر – لێچوو) و لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا بە هەمان شێوە (باڵا – لەوچوو) خراوەتە سەر (**طەماع** _ لێچوو). شاعیر لە ڕێگەی ئەم وێنانەوە توانیویەتی زۆر بە جوانی بیرۆکەکەی خۆی کە (هەمیشە برسێتی و تێر نەخواردنی پیاوی چاوچنۆکە) دەربڕێت .

هەر لەسەر بنەمای لێچواندن لە دێڕێکی تردا ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێت :-
یەك قسەی ڕاستیش بکە بەڵکو درۆت بۆ سەرگرێ
مەنجەڵێ ژەك قەطرەیێ شیرە کە دەیکاتە فرۆ (١١)

شاعیر لەم وێنەیەدا دەیەوێت مرۆڤی درۆزن هەنگاوێك لە ڕاستی وتن نزیك بکاتەوە ، بەو نیازەی کارەکانی بۆ مەیسەر ببێت ، بۆ ئەمەش وێنەیەکی هەست پێکراوی نیشان دەدات کە لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەوە بەدیکردووەو بەرامبەری ڕایدەگرێت ، ئەویش (بە فرۆ بوونی مەنجەڵێ ژەکە بەهۆی دڵۆپێك شیرەوە). وێنەکە لە سەر بنچینەی (لێچواندنی ناراستەوخۆ) (**التشبیه الضمني**) بنیات نراوە ، ئەم جۆرە لێچواندنەش لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون وەکو جۆرەکانی تر (لێچوو) و (لەوچوو) پێکەوە گرێ نادات ، بەڵکو زیاتر پشت بە ئاماژەدان دەبەستێت و خوێنەر لە واتای گشتی دێڕەکەوە هەستی پێدەکات و بە یەکێك لە ڕەوانترین و بەهێزترین جۆرەکانی لێچواندن لە ڕووی کاریگەرییەوە لە سەر دەروونی خوێنەر دادەنرێت و گەلێ جاریش پەندو ئامۆژگاری لە خۆدەگرێت. (١٢)و لەوچوو (وێنەی دووەم) خۆی لە خۆیدا بۆ سەلماندن و پشتگیریکردنی لێچوو (وێنەی یەکەم) دێت .

حەمدی لە وێنەیەکی تردا دەڵێت :-

له سەر هێلکەی قەمەر سیمورغی گەردوون کڕکەویٚ بەڵکو
هەڵێنیٚ بێچووە ڕۆژێکی مونەووەرتر لە ڕۆژی رووت (١٣)

شاعیر سەرەتا لە سەر بنەمای (لێچواندنی ڕەوان) دوو وێنەی دروست کردووە ، لە یەکەمیاندا (هێلکە — لەوچوو) خراوەتەسەر (قەمەر (مانگ) — لێچوو) و لە دووەمیاندا (سیمورغ — لەوچوو) خراوەتەسەر (گەردوون — لێچوو) ، پاشان لە سەر بنچینەی (لێچواندنی جەختاو) ، کە تیایدا ئامراز بوونی نییە ، (ڕوو — لێچوو)ی چواندووە بە (ڕۆژ — لەوچوو) لە ڕووناکیدا .

بەهۆی داهێنراوی دوو وێنەی یەکەمەوە ، کە تیایاندا شتە دوور لە یەکەکان نزیك کراونەتەوەو نەشیاوەکانی شیاندووە ، کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وێنەی لێچواندنی بەهێزو کاریگەر ، وێنەی سێیەمیش سەرباری ئەوەی وێنەیەکی لاساییکارو دووبارەکراوەیە، بەڵام بەهۆی هاتنی لەو چوارچێوە و بواری دەربڕینەدا سیمایەکی جوانی لەخۆگرتووە ئەوەی لێرەدا تایبەتە ، ڕووی لێچون لە دوو وێنەی یەکەمدا لە (لێچوو) ئاشکراترو ڕوونترە ، نەك لە (لەوچوو)، بەڵام ئەندێشەی فراوان و وردی حەمدی نەك هەر وێنەکانی لە مردووی ڕزگارکردووە ، بەڵکو داهێنراوی و بەرزیشی پێداون لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێین، هەرچەندە تێکڕای وێنەکان جەخت لەسەر جوانی و بیٚ وێنەی خۆشەویست دەکەنەوە، کە هەرگیز هاوشێوەی نابێت، بەڵام گەر بهاتبایە شاعیر لەبری وشەی (مونەوەرتر) بیوتایە (موونەوەر وەك) ، ئەوا وێنەکە سەرنجڕاکێشترو داهێنراوتر دەبوو ، چونکە لاکانی لێچواندنی سێیەم شوێن گۆڕکێیان دەکرد .

له ستایشە شیعرییەکەی بۆ (ئیمامی حەسەن و حوسێن)دا ، دەڵێت :—

زانیوتە کە چەند دوورن ئەمانە لە پەیەمبەر
هەنگامی تەبەسسوم وەکو شەقی شەفەتەینە (١٤)

شاعیر هاتووە پێوەندی یان ڕاستتر بڵێین دووری خزمایەتی نێوان ئیمامی (حەسەن و حوسێن) لەگەڵ پێغەمبەر( د.خ ) ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە وێنەیەکی ئاشکراو دیاری هەستپێکراوی هێناوە ، کە ئەویش دووری نێوان هەردوو لێوە لە کاتی زەردەخەنەداو پێی چواندووە . بە واتایەکی تر هێندەی ئەو ماوە (مسافە) کەمە لە پێغەمبەرەوە دوورن ، ئەمەش ڕاستە چونکە ئەوان (کچەزای) پێغەمبەرن ، کەواتە لە سەر شێوازی لێچواندنی وێنەیی چنراوەو دووری (لە پێناو دەرخستنی نزیکایەتی ) دەبێتە خاڵی بە یەکگەیشتن یا ڕووی لێچوونی نێوان هەردوو وێنەکە .

حەمدی لێرەدا نەهاتووە یەکە یەکەی ڕەگەزەکان بەرامبەر یەك دابنێت و بەیەکیان بچوێنێت ، بۆیە بیری خوێنەریش بۆ ئەوە ناچێت کە (لێوەکان) بووەتە (لەوچوو) بۆ (پێغەمبەر)و (حەسەن و حوسێن) یش ، بەڵکو هەر دوو دیمەنەکەی بە یەکتر چواندووەو بەراوردی کردوون و لە ڕێگەیانەوە مەبەستەکەی خۆی بە جوانترین و ئاسانترین شێوە بە خوێنەر گەیاندووە .

حەمدی لە زۆر وێنەدا دژی درۆکردن وبیٚ وەفایی وچاوچنۆکی وەستاوەو بەهۆکاری تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و نەخۆشی زانیوون. لەم وێنەیەدا ، بەمجۆرە وێنەی مرۆڤی چاوچنۆکمان بۆ دەکێشێت :—

**ئینتیظاری نیعمەتی مومسیك ئەزانی وەك چییە**
**بت پەرست ئومێدی غوفران كا لە گوفتاری بتان (١٥)**

وێنەکە بەرێگەی لێچواندنی وێنەییەوە چنراوە، بۆ ئەوەی وێنەی (هەرگیز سوود وەرنەگرتنی مرۆڤ لە نازو نیعمەتی پیاوی رەزیل) بخاتەڕوو ، وێنەیەکی روونترو ئاشکراتری بەرامبەر داناوە، کە ئەویش (چاوەڕێی لێخۆشبوون و لێبوردنی بت پەرستانە لە بتەکان)، کە بەدیهاتنی مەحاڵەو هەرگیز نەشیاوە ، ئەمەش خاڵی بەیەکگەیشتنی وێنەی یەکەم و دووەمە. هەر لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو ، کە شاعیر لە بنیاتی وێنەی دووەمەدا سوودی لەو گفتوگۆیە وەرگرتووە، کە لە دوای شکاندنی بتەکان لە نێوان (حەزرەتی برایم) و (بت پەرستەکان)دا روویدا ، بەڵام زۆر هونەرمەندانە لە خزمەت بیرۆکەی وێنە شیعرییەکەدا بەرجەستەی کردووە .

## ب – وێنەی خواستن

هونەری خواستن بەرهەمی ئەندێشە فراوانی مرۆڤەو بە بەراورد لەگەڵ لێچواندندا لەدایکبووی قۆناغێکی پێشکەوتووتری ئادەمیزادە(١٦)،ورۆڵێکی کاریگەرلە دەوڵەمەندکردنی زمان و فراوانکردنی ئاسۆی دەربڕین دەبینێت،ئەمەش دەیکاتە پێویستییەکی داهێنانی شیعریی ((خواستن دەرکەوتوترین وێنەی ڕونبێژی و قەشەنگترین دیمەنەکانی وێنەگرتنی هونەرییە .))(١٧)

ئەم هونەرە لە لێچواندنەوە سەرچاوەی گرتووە وخۆی لە خوازەدا بینیووەتەوە ، چونکە لە لایەکەوە لەسەر بنەمای پێوەندی لێچواندن بنیات دەنرێت ولە لایەکی تریشەوە یەکێك لە لاکانی لێچواندن (لێچوو / لەوچوو) دێت و ئەویتر دەرناکەوێت . بۆ ئەوەی بە ئەندێشە وای دابنێین کە (لێچوو) و (لەوچوو) یەکسانن یاخود هەردووکیان بوون بەیەك.(١٨) واتە هەردوو لا ئاوێتەی یەکتر دەبن و لە نێو یەکدا دەتوێنەوەو یەکەیەکی یەکگرتوویان لێ پێکدێت و لە ئەنجامیشدا واتایەکی نوێ دێننەکایەوە . ئەمەش دەیخاتە خانەی خواستنەوە ، ئەم تێڕوانینەمان جیاوازە لەوەی هەندێ لێکۆڵەر بۆی چوون و بەلایانەوە ((خواستنیش هەر جۆرێکە لە لێکچواندن، تەنها خاڵی جیاوازییان ئەوەیە لە خواستندا تەنها (لەوچوو) ئاماژەی پێدەکرێت و (لێچوو) دیار نییە.))(١٩) چونکە بەهۆی ئەو جیاوازییانەی لەگەڵ لێچواندندا هەیەتی(٢٠)،(خواستن) بووەتە هونەرێکی سەربەخۆو جیاواز ، تەنانەت وەکو دەشوترێت لە لێچواندن بەهێزترو کاریگەرتریشە ((خواستن لە وێنەگرتن و ئەفراندنی شیعرییدا لەلێچواندن بەرزترە، چونکە ئەندێشەی تێدا باڵا دەستەو بەمە توانای رەنگکردن و وێنەگرتن بەدەست دەهێنێت، خواستنی باش لە رێگەی پەنهانی لێچواندنەوە لە دایك دەبێت.))[٢١] لە لایەکی تریشەوە ئەوەی لێکۆڵەر بۆی چووە ، گوایە ( تەنها خاڵی جیاوازییان ئەوەیە لە خواستندا تەنها (لەوچوو) ئاماژەی پێدەکرێت و (لێچوو) دیار نییە .) دیسانەوە لەگەڵ چەمکی خواستندا یەك ناگرێتەوە، چونکە وەکو وتمان خواستن بە ئامادەبوونی یەکێك لە لاکان (چ لێخواستراو بێت وچ بۆخواستراو ) پێکدێت. بەپێی هاتنی ئەو لایەنەش لێکۆڵەران جۆرەکانی خواستنیان دیاری کردووە. (٢٢)

بەکورتی ئەو پێناسەیەی کە لێکۆڵەر بۆ خواستنی کردووە ، تەنها خواستنی (ئاشکرا)

دەگرێتـەوە، کـە جۆرێکـە لـە خواسـتن نـەك هـەموو خواسـتن. ئامادەنـەبوونی لایـەکی لێـچواندن لـە خواستندا دەبێتـە مایـەی جۆرە لادانێك لـە یاساکانی زمان وداهێنـانی زمانێکی شیعری چڕ، کـە خوێنەر دەخاتە دەریای ئەندێشە وبیرکردنەوەوە، بەو وردبوونەوەیەش دەتوانێت لە وێنەکە بگات ، ئـەو ئاسـتە هونەرییـە بـەرزو واتـا نوێیـەی کـە وێنـەی خواسـتن دەیگرێتـەخۆ تـەنها بـە هـۆی وشـەو کەرەسـتە بەکارهاتووەکانییـەوە نییـە، چـونکە ئـەو وشـەو کەرەسـتانە لـە لای خوێنـەران ناسـراو و زانـراون ، بـەڵکو زۆرتـر بـەهۆی ئـەو پێوەندییەوەیـە کـە لـە نێوانیاندایـە ، ئەمـەش شـتێکی وامـان دەداتـێ کـە پێـشتر نـەمانبینیووە یـاخود نـەمان بیـستووە(٢٣)، بۆیـە تایبەتمەندییـەکی خواسـتن بریتییە لـەوەی ، کـە (( بـە واژەی ئاسـان گـەلێ واتـای زۆرت پـێ دەبەخـشێت ، وەك ئـەوەی لـە جێـی مرواریییەك ژمارەیەك مرواری دەربچێت و لە پەلێك جۆرەها بەر بچێنرێت.))(٢٤)

شیعرکانی حەمـدیش پـڕن لـەو وێنـە مرواریيانـەی ، کـە لـە سـەر بنـەمای هونـەری خواسـتن دروستکراون لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەك بخەینەڕوو ، ئەمـەی لای خوارەوە یەکێکە لـەو وێنانە :-

**ئەم کسووفە طوولی کێشا ئەی فەلەك فێڵێ نەکەی**
**وا لە (کویت)ایە ، دەخیلە وەختی زوو بەردانە ڕۆژ(٢٥)**

شاعیر لێرەدا لە سەر بنەمای هونەری خواستن وێنەیەکی دروستکردووە ، (ڕۆژ) خواستراوە بۆ (شـێخ مـەحموود)، کـە بۆخواسـتراوەو دەرنەکـەوتووە ، جـۆری خواسـتنەکەش ئاشـکرایە ، چـونکە هەردوو لای خواستنەکە هەستین و واژەی (ڕۆژ) بە ئاشکرا خواستراوەو هاتووە. ئەوەی وێنەکـەی جوانکردووەو لەگەڵ مەبەست و هەڵچوونە دەروونییەکەی شاعیردا گونجاندوویـەتی ، لـە لایەکـەوە وشەی (کسووف – ڕۆژگیران) ە ، کە بەرامبەر بە (گرتنی شێخ مەحموود) دەوەستێت ، چونکە بـەم کارەی پێوەندییەکی نوێی لە نێوان لێخواستراو و بۆخواستراودا دۆزیوەتەوە ، لە لایـەکی تریشەوە دەربڕینەکانی (طوولی کێشا ، زوو بەردان) سەرباری ئەو دژیەکە جوانەی ، کە لە نێوانیاندا هەیـە ، پەرۆشی شاعیر بۆ هەرچی زوو ئازادکردنی ئەو سەرکردەیە دەگەیـەنن ، چونکە بـەبێ ئـەو وڵات دەبێتە تاریکستان .

گـەر لـەڕووی زانـستییەوە لـە مـاوەی (ڕۆژگـیران) بـڕوانین. بۆمـان دەردەکـەوێت کـە چـەند خولـەکێکی کـەم دەخایـەنێت ، بێگومـان ئـەم مـاوە کەمـەش لـە گـەڵ گـرتن و بەنـدکردنی (شـێخ مەحموود) دا ، کە نزیکەی (٣) ساڵی خایاندو زیاتر لە (٧) مانگی لـە کوێتا بـوو(٢٦)، بەراورد ناکرێت. هەربۆیە شاعیر ئارام ناگرێت و پەرۆشی درێژە نەکێشانی دۆخە مەترسیدارەکەیەتی . ئەم حاڵەتە دەربڕینی ( دەخیلە) زیاتر پەردەی لە روو هەڵدەماڵێت ، چونکە ئەو دەربڕینە خوێنەر زیاتر لـە واتـای دروسـت ( فەلـەك) نزیـك دەکاتـەوە. هـەروەها رسـتەی (فێڵـێ نەکـەی) خـۆی لـە خۆیـدا وێنەکەی سەرنج راکێشتر کردووە ، چونکە ئەو راستییە بەرجەستە دەکات ، کە چەرخی زەمانە گەلێك جار دوور لە هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد سووڕاوەتەوە ، هـەر بۆیـە شاعیر دەست لـە سـەر

دڵانە لە چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە .

حەمدی لە دێڕێکی تردا هونەری خواستن دەکاتە ئامرازو بەم وێنە جوانەمان ئاشنا دەکات :-

وا لە نەزعا خەڵقە گوێ بگرن لە گوفتاری وەطەن

بۆم بکەن ئەم دەفعەیە ئێوەو خوا چاری وەطەن (٢٧)

لەم وێنەیەدا (مرۆڤ) لێخواستراوەو دەرنەکەوتووە بەڵام پەیوەستەکانی (نەزع – سەرەمەرگ و قسەکردن)ی لێوەرگیراوەو دراوە بە (وەطەن – نشتیمان) کە بۆخواستراوە ، لەبەر ئەوەی بۆخواستراو (نیشتمان) بەرهەست دەکەوێت، خواستنەکە دەبێتە شاراوەی راستەقینەیی. حەمدی لەرێگەی ئەم وێنەیەوە زیرەکانە نائارامی و ئاڵۆزی بارودۆخی سەردەمەکەیمان پیشان دەدات، کە بەهۆیەوە گەل و نیشتمان لە دووڕیانی مان و نەماندان . بێگومان بۆ دڵسۆزێکی وەکو شاعیر ئەم بارە مایەی ئەشکەنجەو ئازارە، هەربۆیە ئەم وێنەیە (بەرجەستەکردنی نیشتمان وەك مرۆڤێکی دەردەدار لە ساتەکانی سەرەمەرگدا) بە چەند شێوازێکی جیاواز لە لای دووبارە بووەتەوەو یەکێکە لەو وێنانەی کە وەکو رایەڵێك چەند بەندێکی (تەرجیع بەند)ە نیشتیمانییەکانی پێکەوە گرێداوەو یەکێتییە ئیستاتیکیەکەیانی پاراستووە ، هەموو وێنەکانیش بەهۆی هونەری خواستنی شاراوەوە داڕێژراون .(٢٨)

هەر لە سەر بنچینەی هونەری خواستن ئەم وێنەیەشمان بۆ دەکێشێت :-

وەفاتی کرد وەفا بۆیە حەیا تەرکی حەیاتی کرد !

بە چی دڵ خۆش بکەم فەرموو لەمەفتوونی زەمانم چی ؟ (٢٩)

شاعیر دوو وێنەی خواستنی پێکهێناوە ، لە یەکەمیاندا (مرۆڤ) لێخواستراوە و دەرنەکەوتووە ، بەڵام پەیوەستی (وەفات کردن) ی لێوەرگیراوەو دراوە بە (وەفا) کە بۆخواستراوە ، لە وێنەی دووەمیشدا بەهەمان شێوە (مرۆڤ)، کە نەهاتووە لێخواستراوەو پەیوەستی (تەرکی ژیان کردن)ی لێوەرگیراوەو بەخشراوە بە (حەیا) کە بۆخواستراوە . هەردوو وێنەکە بە رێگەی خواستنی شاراوەوە دروستبوون .

لەبەر ئەوەی بۆخواستراوەکان (وەفا ، حەیا) هەردووکیان ژیرین و لێخواستراوەکانیش (مرۆڤ) وشەیەکی نەژادییە، خواستنەکە دەبێتە شاراوەی ئەندێشەیی نەژادی و بەهۆی کۆکردنەوەی وشەکانی (وەفا، وەفات) و (حەیا، حەیات)، جوانکارییەکی وشەیی ( رەگەزدۆزی ناتەواو ) پێکهاتووە و وێنەکان سیمایەکی ئیستاتیکییان وەرگرتووە .

حەمدی لە رێگەی ئەم وێنەیەوە بوونی (وەفا)ی کردووە بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی بۆ تێکنەچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و مانەوەی ژیان بە جوانی وخۆشی ، نەمان یان کزبوونی (وەفا) لە نێو کۆمەڵدا هەمیشە خەمێکی شاعیر بووە ، هەر بۆیە کردوویەتی بە هەوێن بۆ چەند وێنەیەکی تریش .(٣٠)

لە وێنەیەکی تردا، کە مەڵبەندەکەی دەرنەکەوتنی خۆشەویستە ، دەڵێت :-

دەرنەکەوتی بۆیە بەم جەژنە بە ڕۆژوو مامەوە

جەژنی من جەژنانەیی تۆ بێی بە ماڵ وجانەوە (٣١)

(مانگ) لێخواستراوەو دەرنەکەوتووە ، پەیوەستی (بەڕۆژوو مانەوە بەهۆی دەرنەکەوتنیەوە) لێوەرگیراوەو دراوە بە (تۆ) کە (بۆخواستراو)ە، واتە (لێخواستراو)و (بۆخواستراو) هەردووکیان هەستین و جۆری وێنەکەش خواستنی شاراوەیە ، جوانی ئەم وێنەیە لەوەدایە، کە بۆخواستراو ( تۆ ) هێنراوەو لێخواستراو (مانگ) نەهێنراوە ، لە کاتێکدا زۆر وێنەی هاوشێوەی ئەم وێنەیە لە شیعری کلاسیکیماندا بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوەیە(٣٢). هەروەك سەرباری جوانی و درەوشاوەیی، کە خاڵی ئاوێتەکردنی لێخواستراو و بۆخواستراوە، دەرنەکەوتنیش پێوەندی نێوانیانی پتەوتر کردووە. هەموو ئەمانەش سیمای حەمدییانەیان بە وێنەکە داوەو لە وێنەیەکی لاساییکار دووریان خستووەتەوە .

هەر لەچوارچێوەی ئەم باسەدا بە پێویستی دەزانین ئاوڕێك لەو لێکۆڵینەوە زانستییە بدەینەوە، کە تیایدا باس لە هەردوو هونەری خوازەو خواستن، لای حەمدی کراوەو بۆ هەریەکەیان نموونەیەك بەرچاوخراوە. ئەم دێڕەی لای خوارەوە ، وەکو نموونە بۆ هونەری (خوازە )دەستنیشان کراوە :-

بۆ دیاری حەضرەتی مەحموود مەمدووحی جیهان

تاقە یەك گوڵ بوو بە فەرقی پیری ئەحمەد کاکەوە(٣٣)

لە بارەیەوە نووسراوە:- ((لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی ( گوڵ )بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهێنراوەو حەمدی بۆ واتاو مەبەستی تری هێناوە.))(٣٤) بەڵام لە ڕاستیدا وشەی (گوڵ) بۆ گەیاندنی واتایەکی خوازەیی بەکارنەهاتووە ، بەڵکو هەر بۆ واتا دروستەکەی خۆی بەکارهاتووە و بووەتە ( لەوچوو ) بۆ ( شێخ مەحموود )، کە ( لێچوو ) ەو لە نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە ، واتە هونەری لێچواندنی پێکهێناوە .

لە باسی خواستنیشدا پاش ئەوەی دەڵێت :-(( حەمدی ئەم هونەرەو شێوە جیاجیاکانی تری لە شیعرەکانی زۆر شارەزایانە بەکاری هێناون ، وێنەکان خۆیان شایەتی لێزانی و باڵا دەستی حەمدی دەدەن .))(٣٥) ئەم نموونەیەی بەرچاوخستووە :-

بە خامۆشی لەکن پەروانە دەرسی حوزنی خوێند (حەمدی)

هەتا سووتن لە مەیدانایە ، نابن عاریفان ئەفرەح [٣٦]

لەژێریدا نووسیویەتی:-((خوێندنی (دەرسی حوزن) خواستراوەو ئەم تابلۆ جوان و پڕ واتایەی لێدروست کراوە.))(٣٧) پاشان ڕاڤەی واتای دێڕەکەی کردووە. ڕاستە هونەری خواستن و جۆرەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بنیاتی وێنەکانی شاعیردا بینیووەو شارەزاییانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون ، بەڵام سەبارەت بە شیکردنەوەی ڕەوانبێژییانەی وێنەکە وای بۆ دەچین ، کە

خواستنەکە لە وشەی (پەروانە) دایە ، چونکە لێخواستراوەو (مامۆستا) ش ، کە دەرنەکەوتووە بۆخواستراوەکەیەتی و پەیوەستی (وانەوتنەوە)ی لێوەرگیراوەو دراوە بە (پەروانە)، بەمەش وێنەکە لە سەر بنەمای خواستنی ئاشکرا پێکهاتووە ، هەرچی فرێزی (دەرسی حوزن) یشە ، کە لێکۆڵەر بە خواستنی داناوە ، ئەوا لە راستیدا لێچواندنی رەوانە و (دەرس) لەوچووە وخراوەتە سەر (حوزن)، کە لێچووە بەمەش بەهۆی شتێکی هەستییەوە شتێکی ژیری روون کراوەتەوە .

لە کۆتایی باسی وێنەی خواستن لای شاعیردا ، سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشین کە بەوردبوونەوەمان لەوێنەکان بۆمان روون بووەوە ، کە خواستنی شاراوە لە ئاشکرا زۆرتر رۆڵی لە چنینی وێنەکانیدا بینیووە، ئەمەش بیر وردی و ئەندیشە قووڵی شاعیر دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی خواستنی شاراوە (( زۆر وردترەو لە شێوازی دەربڕیندا چەسپاوە ، چونکە توانایەکی بەرزی لە چڕکردنەوەدا هەیە و پێوەندییەکەش کە چواندنەو لە وێنە پێکهاتووەکەدا شاراوەتەوە دوای وردبوونەوەیەکی زۆر گوێگر پێیدەگات، چونکە لێخوازراو تەنیا بە ڕێگای پێوەستێکیەوە دەرکەوتووە.))(٣٨)ئەمەش یەکێکە لەو لایەنانەی، کە قووڵی و چڕیان بە وێنە شیعرییەکانی حەمدی داوەو لەرێگەیەوە سەرنجی هەندێ لە نووسەران و لێکۆڵەرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. (٣٩)

## ج – وێنەی درکەیی

یەکێکی ترە لە هونەرە روونبێژییەکان، کە لە مێژە مرۆڤ لە ئاخاوتنی رۆژانەیدا پەنای بردووەتەبەرو هەستی بەوە کردووە لە هەندێ حاڵەتدا بەبێ ئەو (درکە) ناتوانێت بەو شێوازە جوان و کاریگەرە مەبەستەکانی بگەیەنێتە گوێگر ، بەتایبەتی ئەو واتاو مەبەستانەی ، کە ئاشکرایی خەوشداریان دەکات و زیانیان پێدەگەیەنێت ، یاخود بە رووتی دەربڕینیان نەشیاوەو بریندارکردنی شعوری بەرامبەریان لێدەکەوێتەوە.(٤٠) وێنەی درکەیی خۆی لە خۆیدا پەردەیەکی تەنکەو واتای مەبەستی پێ داپۆشراوە ((بێژەیەکە تێیدا مەبەست لە واتا دروست و رەسەنەکە نییە ، بەڵکو واتایەکی ترە ، کە بە دویدا دێت یاخود لە بووندا پاشکۆیەتی ، بەواتا رەسەنەکەی ئاماژە بەواتایەکی تر دەکات و وادەکات واتا رەسەنەکە بەڵگە بێت لە سەر واتاکەی تر.))(٤١) بەڵام نەبوونی نیشانە یا جۆرێك پێوەندی لە نێوان واتای دروست و واتای درکەییدا ، وا دەکات مرۆڤ بۆ واتای یەکەمیش بچێت(٤٢)، لەگەڵ ئەوەشدا هەر مەبەست لە واتای دووەمە ، گەر وا نەبێ هونەرەکە پێك نایەت(٤٣) و دەربڕینەکە خۆی لە خانەی پاراوییدا دەبینێتەوە ، ئاشکراشە درکە (( لە پاراوی دەربڕین رەوانترە ، چونکە لە جێگیرکردنی واتاکە زیاد دەکات، رەوانترو جەختاوترو توندتری دەکات.))(٤٤) بەلای شاعیرانیشەوە درکە پێویستییەکی داهێنانی شیعرییە ، چونکە ((بەها هونەرییەکەی کاریگەرییەکی کارای هەیە لە پێکهێنانی وێنەو دەرخستنی سیما هونەرییە شاراوەکانی ، کە بەرواڵەتەکانی داهێنان و جوانی روون دەبێتەوەو دەدرەوشێتەوە، ژیان دەکاتە بەر ئەو وێنەیەی کە ئاماژە بەهێزی پێوەندی نێوان مرۆڤ و هۆکارەکانی تری چوار دەوری دەدات.))(٤٥)

کاتێکێش لە وێنە شیعرییەکانی حەمدی ورد دەبینەوە ، هەست بەوە دەکەین ، کە لەپاڵ وێنەی لێچواندن و خواستندا ، هونەری درکەش بووەتە بنەما بۆ گەلێك لە وێنەکانی ، بەڵام رێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە وێنەیە لەلای شاعیر لەدوای جۆرەکانی ترەوە دێت ، یەکێك لەو وێنانەش کە شاعیر بۆ بنیاتی هونەری درکەی بەکارهێناوە ، ئەمەی لای خوارەوەیە :-

پیێ وتم ئەم عەقڵە کۆنە تۆ لە سەر دەرکە کە خەڵق

خۆ ئەڵێن عەللامەیە گەر کاسە پڕبێ و کەللە بۆش (٤٦)

شاعیر راستەوخۆ نەیووتوە پیاوی دەوڵەمەند چەند نەفام و نەزان بێت بەلای خەڵکەوە زانایە ، بەڵکو لە رێگەی وێنەی درکەییەوە دوو سیفەتەکەی دەرخستووە، یەکەمیان (دەوڵەمەندی) یە ، کە بەهۆی دەربڕینی (کاسەی پڕ) بەرجەستەی کردووە، چونکە کاسە پڕیی بەڵگەی دەوڵەمەندی و دەست رۆیشتوویی‌یەو دووەمیشیان (نەفامی یا نەزانی)یە ، ئەمەش دەربڕینی ( کەللە بۆش ) گەیاندوویەتی، لەبەر ئەوەی کەللە بۆشی بێ مێشکی مرۆڤ دەگەیەنێت. حەمدی لەم وێنەیەدا تیشکی خستووەتەسەر تێڕوانینی نادروستی ئەو خەڵکانەی موڵك و پارە دەکەنە پێوانەی زانایی مرۆڤ ، هەردوو وێنەکە لە رێگەی درکە لە سیفەتەوە چنراون. لێکۆڵەران لە رووی هەنگاوەکانی گواستنەوە لە واتای دروستەوە بۆ واتای درکەیی بەم جۆرە وێنایە دەڵێن (درکەیی نزیك)(٤٧)، چونکە خوێنەر یا گوێگر بە چەند هەنگاوێکی کەم بۆ واتای مەبەست ( واتای درکەیی ) دەچێت .

لە وێنەیەکی تردا بە شێوەیەکی هونەرمەندانە چەند وێنەیەکی درکەییمان بۆ دەکێشێت :-

ماڵی وێرانە ئەوانەی هەر خەریکی قەیصەرین

ئەو کەسانە قەیصەرن ماڵی توراببن کەن عەمار (٤٨)

لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا دەیەوێت بڵێت، ئەوانەی تەنها بایەخ بە کۆشك و تەلاری دنیایی دەدەن ، لەو دنیا ئاسودەیی بە خۆیانەوە نابینن ، بەڵام راستەوخۆ دەری نەبڕیوە ، بەڵکو لەرێگەی (ماڵ وێران)وە بەرجەستەی کردووە. وێنەکە بەرێگەی درکە لە سیفەتەوە پێکهاتووە، لە نیوەی دووەمیشدا هەر لەسەر بنچینەی درکە وێنەیەکی بەرامبەری دروستکردووە ، لەم وێنەیەدا شاعیر ئەو کەسانە بەبراوە دەزانێت، کە بەکردەوەو رەفتارە باشەکانیان دنیایەکی جاویدانی ئارام و ئاسودە پێکەوە دەنێن. ئەم بیرەی ناراستەوخۆ دەربڕیوە لەو پێناوەشدا (ماڵی توراببن)ی هێناوە ، کە خودی ( گۆڕ ) دەگەیەنێت، واتە درکەیە لە خود. هەروەها (عەمار)یش خۆی لەخۆیدا درکەیە لە سیفەت و (بەختەوەری و ئاسودەیی) مرۆڤ بەرجەستە دەکات . شاعیر لە وێنەکەدا بەهۆی کۆکردنەوەی (ماڵ وێران ، عەمار) کە دژیەکن و (قەیصەری ، قەیصەر) کە رەگەزدۆزی ناتەواون ، جوانکارییەکی ناسکی دروستکردووە ، کۆی بیری وێنەکان لە روانگەی ئایینی ئیسلامەوە رەنگرێژکراون و جۆری کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لەم دنیا ، وێستگەن بۆ نائارامی یان ئارامی جاویدانی ئەو دنیا ، یەکێکی تر لە وێنە درکەییەکانی شاعیر ، لەم دێڕەدایە :-

بۆ بەژێر بەحرا ئەڕۆن و ئاسمانان کەشف ئەکەن

بۆچی ناکەن کەشفی دەردی کوردی بێچارەی شیمال (٤٩)

لەم وێنەدا (بەژێر بەحر ڕۆیشتن ، ئاسمان کەشف کردن) درکەیە لەوپەڕی زۆرزانی و پەیبردن بە نهێنیەکانی گەردوون، واتە درکەیە لە سیفەت. لە نیوەی دووەمدا بەهێنانی (کەشفی دەردی کورد) درکەیەکی تری پێکهێناوە، ئەویش مەبەست لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردە کە خۆی لە (سەربەخۆیی)دا دەبینێتەوە .

شاعیر لەم دێڕەدا شێوازی پرسیاری بەکارهێناوە ، لەم کارەیدا چاوەڕوانی وەڵام نییە ، بەڵکو خۆی لە خۆیدا بەراوردکردنێکی سەیرەو ئاشکراکردنی ئەو ڕاستیەیە ، کە وڵاتە زلهێزەکان هەمیشە بە چاوی بەرژەوەندییەکانیان لە کێشەکانی گەلی کوردیان ڕوانیوە ، دەنا ئەو کارەساتە گەورەیەی کە لە (٢٤ / مارت / ١٩٢٥ ) بەسەر کوردەکانی باکووردا هات چۆن نەیوروژاندن ؟! ئەم واقیعە تاڵەش کە حەمدی ئاشکرای دەکات ، لەگەڵ هەموو کارەساتێکی گەلەکەماندا (ئەنفال و کیمیابارانکردن و... هتد) بە حەسرەتەوە ئاهی بە گشت کوردێکی دڵسۆز هەڵکێشاوەو وەکو ڕەخنەش ڕووبەڕووی گەورە وڵاتانی جیهان کراوەتەوە.

شاعیر لە بارەی ئەو کەس و هێزانەشەوە ، کە جوانی و ئارامی نیشتمان دەشێوێنن و دەرفەت بۆ ئایندەیەکی ڕووناک ناهێڵنەوە لە ڕێگەی هونەری درکەوە دەڵێت :-

ڕەببی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ (٥٠)

شاعیر بەهۆی (مووی لێ بێ زمانی) واتای (لاڵ بوون یان لە قسەکردن کەوتن)ی دەربڕیوە بەمەش وێنەکە دەبێتە درکە لە سیفەت و بەهۆی (پەنجەکانی هەڵوەرێ) واتای (بەئازارەوە بمرێ)ی بەرجەستەکردووە ، مردنێك کە ببێتە مایەی نەفرەت و سەرزەنشتی خەڵك . واتە هەردوو وێنەکە لە ڕێگەی درکە لە سیفەتەوە چنراون. هەردوو دەربڕینەکەش بە ئامادەکراوی لەناو کۆمەڵدا هەن . واتە حەمدی لە کۆمەڵەوە وەریگرتوون . ئەمەش بۆ شاعیر بە نەنگی ناژمێردرێت ، چونکە ئەو چوارچێوە زمانی و مەبەستە شیعرییەی ، کە وینەکە دەیگرێتەخۆ توانای شاعیر دەردەخەن ، لەمەشدا زیرەکانە کارەکەی ئەنجامداوەو سۆزو ئەندێشەی خۆی ئاوێتە کردووەو هەر ئەمەشە وایکردووە وێنەکە ئەو ناوبانگ و دیارییەی لای خوێنەران هەبێت و وەکو وێنەیەکی جوان و کاریگەر لەدڵیاندا جێگەی بێتەوە. هەر پەیوەست بەم وێنەیە بە پێویستی دەزانین سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین زۆریك لە خوێنەران لە بری وشەی (کوڵخەن) ، کە بە واتای (توونی حەمام) دێت(٥١) ، (گوڵخەن) دەردەبڕن، کە دیارە ئەمەش هەڵەیەو لەگەڵ بیری وێنەکەدا ناگونجێت. سەرچاوەی ئەم هەڵەیەش دیوانی دووەم (ساڵی ١٩٨٤)ی شاعیرە. (٥٢)

شاعیر لە دێڕێکی تردا ئەم وێنە کاریگەرەمان نیشان دەدات :-

نامووس و حەیا چوو لە صەدای تۆپ و تەیارە

هەر حامیلەیە کەوتووەتە کووچە ئەخا بەر (٥٣)

دێڕەکە لە دوو وێنە پێکهاتووە ، لە نیوە دێڕی یەکەمدا بە ڕێگەی هونەری (خواستن)ەوە وێنەی یەکەمی دروستکردووەو تیایدا (مرۆڤ – لێخواستراوە) و دەرنەکەوتووە ، بەڵام پەیوەستەکانی (چوون ، بیستن)ی لێوەرگیراوەو دراوە بە (ناموس و حەیا) کە بۆخواستراون ، ئەمەش خواستنی شاراوەی پێکهێناوەو نەمانی حەیاو ناموس دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین زۆر بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەربڕینانە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ، تاڕادەیەك بەرگە خواستنەکەی تیایاندا کاڵکردووەتەوە. بیری وێنەی یەکەم وەکو ئەنجامێك بەهۆی وێنەی دووەمەوە بەدەستهێنراوە، کە تیایدا هونەری درکە کراوەتە ئامرازو لە دەربڕینی (ئەخابەر)، کە (لە بارچوونی منداڵ) دەگەیەنێت ، بەرجەستەی دەکات. شاعیر لەم دێڕەدا ساتە دڵتەزێنەکانی شەڕو پەلاماری دڕندانەی دوژمنان پیشان دەدات، کە زۆر نامرۆڤانە پریشکی ئاگرەکەیان ژنی دووگیان و منداڵی لە دایك نەبووش دەگرێتەوە ، وێنەکە ئەوپەڕی حاڵەتی پەشێواوی و شپرزەیی خەڵك بەهۆی بارودۆخە ئاڵۆزەکەوە نیشان دەدات و دەبێتە ئامرازێك بۆ کارکردنە سەر دەروونی خوێنەرو وروژاندنی تا ئەوڕادەیەی لەگەڵ شاعیردا هاوسۆزو هاوڕا بێت .

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت :–

هەموو کەس هەر ئەگاتە شەشدەری نەردێنی ئەم دەهرە

بە دوو شەش بێ، بە دوو سێ بێ، چ ئەمڕۆ بێ، چ فەردا زوو (٥٤)

شاعیر ئاکامی ژیانی هەموو مرۆڤێك لە مردندا دەبینێتەوە ، بەڵام ئەم بیرەی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕیوە ، بەڵکو بەهۆی دەربڕینی ( ئەگاتە شەشدەری نەردێنی ئەم دەهرە )وە بەرجەستەی کردووە ، بەمەش وێنەکە بە ڕێگەی درکە لە خود ( مردن )ەوە پێکهێنراوە .

هەر لە سەر بنەمای هونەری درکە ، لە وێنەیەکی تردا دەڵێت :–

گەرچی مەستی نەشئەیی بادەی غروورو غیرەتن

فیطرییە (حەمدی) بە جاریٚ عاقڵ و هوشیارە کورد (٥٥)

وێنەکە بەهۆی درکە لە هاوگرییەوە دروست بووە ، شاعیر دەیەوێت وەسفی بەغیرەتی و لە خۆبایی بوونی کورد بکات ، بەڵام ئەم کارەی ڕاستەوخۆ نەکردووە ، بەڵکو (غرور وغیرەتی)، کردووە بە(بادە) و بادەکەشی کردووە بە نسیبی کورد .

هەر بە ڕێگەی درکە لە هاوگرییەوە ، ئەم وێنەیەشمان بۆ دەگرێت :–

غەیری بەدناوی لە طەپڵ و دەف ئومێدی چی ئەکەن ؟

فرسەتە ئەمڕۆ لە سنگ وتەوقی سەردانی دەخیل(٥٦)

شاعیر ڕاستەوخۆ سیفەتی (بەدناوی) نەداوەتە پاڵ (دەروێش)، بەڵکو ئەو سیفەتەی داوە بەو شت و کەرەستانە (طەپڵ ودەف )، کە هی ئەون لێرەدا وشەی(دەروێش) نەهاتووە، بەڵام بە پەیبردن و چێژی شیعریی هەستی پێدەکەین .

## ئه نجام

**له كۆتایی توێژینەوەكەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :**

**١. حەمدی وەكو شاعیرێكی كلاسیكی شارەزاییەكی تەواوی لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی بە گشتیی و هونەرە ڕوونبێژییەكان بەتایبەتی هەبووە.**

**٢. هونەرە ڕوونبێژییەكان لەلایەكەوە بوونەتە ئامرازی جوانكاریكردن و ڕازاندنەوەی شیعرەكانی و لەلایەكی ترەوە بیری دەقەكان بەرجەستە دەكەن و پەیامەكەی بۆ خوێنەران دەگوازنەوە، هەموو ئەمانەش بە زمانێكی شیعری باڵا نیشاندراون .**

**٣. لە ڕووی چەندێتییەوە، بە پلەی یەكەم هونەری لێچواندن و پاشان هونەرەكانی خواستن و دركەی بەكارهێناوە.**

**٤. لە ڕووی چۆنێتییەوە، بەهۆی ئەندێشە فراوانیی و بیر وردی شاعیرەوە هونەرە ڕوونبێژییەكان بە جۆرێك بنیاتنراون، كە پەیوەندی نوێ لە نێوان وشەو دەستەواژەكاندا بدۆزنەوە، بۆیە لە ئاكامیاندا وێنەی نوێ لەدایكبووە .**

## پەراوێزەكان

*** ئەم توێژینەوەیە لە نامەی دكتۆرای ( فەرهاد قادر كەریم ) وەرگیراوە، كە پ.ی.د. محمد دلێر امین محمد سەرپەرشتیاری بووەو ڕۆژی ( ٢٣/١١/ ٢٠٠٩ ) لەزانكۆی سلێمانی گفتوگۆی لەسەركراوە .**

١. د. نصرت عبدالرحمن ، الصورة الفنية في الشعر الجاهلي ، الطبعة الثانية ، الاردن ، ١٩٨٢ ، لا( ٨ ) .

٢. الخطيب القزويني، الإيضاح في علوم البلاغة ، تحقيق و تعليق: غريد الشيخ محمد و إيمان الشيخ محمد ، دار الكتـاب العـربي ، بيروت ، ٢٠٠٨، لا ( ١٤٦) ، احمد الهاشمي، جواهر البلاغة ، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان ،٢٠٠١، لا ( ٢١٢ ) .

٣. د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود ، لێكۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٤، لا (١٤٨) .

٤. د. محمد حسين علي الصغير ، اصول البيان العربي ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٦ ، لا( ٦٥ ) .

٥. د. احمد بسّام ساعي ، الصورة بين البلاغةو النقد ، الطبعة الاولى ، المنارة للطباعة والنشرو التوزيع ، ١٩٨٤ ، لا (٤٩).

٦. د. جابر احمد عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي ، دار الثقافة ، القاهرة، ١٩٧٤، لا( ٢٠٨ ) .

٧. بڕوانە : عبدالقاهر الجرجاني ، اسرار البلاغة ، لا (١١٢).

٨. د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود ، لا ( ١٤٨ ) .

٩. د. منصور عبدالرحمن ، لا ( ٣٨١ ).

١٠ . دیوانی حەمدی ، لێكۆڵینەوەی: جەمال محەمەد محەمەد ئەمین ، چاپخانەی سەركەوتن ، سلێمانی، ١٩٨٤، لا ( ١٣٠ ) .

١١. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٣٣٨ ) .

١٢. بڕوانە : د.احمد بسّام ساعي ، لا ( ٧٣ - ٧٤ ) .

١٣. دیوانی حەمدی ، لا ( ٢٢١ ) .

١٤. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ١١٤ ) .

١٥. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٣٢٢ ) .

١٦.بڕوانـە: د.فالح حمد احمد الحمداني، الصورة البيانية في الحديث النبوي الشريف، مؤسسة الوراق، الاردن،٢٠٠١، لا ( ١٨٠ ) .

١٧. د. محمد حسين علي الصغير ، لا ( ٩٣ ) .

١٨. بڕوانـە: سعد الدين مسعود بن عمر التفتازاني ، المطوّل (شرح تلخيص مفتاح العلوم) ، تحقيق: د. عبدالحميد هنـــداوي ، دار الكتب العلمية ، بيروت ، ١٤٢٤ هـ ، لا ( ٦٠٦ ) ، د. جابر احمد عصفور ، لا( ٢٤٢).

١٩. هيتلەر احمد حمه ، وێنەی شیعری لای نالی ، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب ، زانكۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠١، لا ( ١٧ ) .

٢٠. بڕوانه : عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا ، بەرگی یەكەم ، چاپخانەی الجاحظ ، بەغدا ، ١٩٧٢لا ( ٧١ ) .

٢١.د. احمد مطلوب ، في المصطلح النقدي ، مطبعة المجمع العلمي ، بغداد ، ٢٠٠٢ ، لا ( ١٧٧ ) .

٢٢. بڕوانه : احمد الهاشمي ، ص ( ١٨٤ ) .

٢٣. بڕوانه : د. عدنان حسين قاسم ، التصوير الشعري – التجربة الشعورية و ادوات رسم الصورة الشعرية/ المنشاة الشعبية للنشرو التوزيع و الاعلان ، ليبيا، ١٩٨٠، لا ( ١٠٠ – ١٠١) .

٢٤. عبد القاهر الجرجاني ، اسرار البلاغة ، دار المعرفة ، بيروت- لبنان ، ٢٠٠٢، لا( ٤٢ ) .

٢٥. دیوانی حەمدی ، لا ( ٧٤ ) .

٢٦. بڕوانه : عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد البرزجي والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، دار الحكمة ، لندن، ٢٠٠٥، لا( ٢٢٢ – ٢٢٧ ) .

٢٧. دیوانی حەمدی ، لا ( ١٢٣ ) .

٢٨. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ١٢١ د ٨ ، ١٠ / ١٢٢ د ٧ ، ٨ / ١٢٣ د ٨ ، ١٠ / ١٢٤ د ٩ /١٢٥ د ١ / ١٢٩ د ٩ / ١٣١ د ٦ / ١٣٢ د ١١ ).

٢٩. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٣٦٧ ) .

٣٠. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٢٠٤ د ٢ / ٣٨٤ د ٧ / ٣٣٨ د ٣ ) .

٣١. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٣٤٣ ) .

٣٢. بڕوانە: دیوانی نالی، لیكۆڵینەوەو لێكدانەوەی: مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولكەریم ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦، لا (٣٠٦ د ٢) ، دیوانی سالم ، چاپی دووەم، چاپخانەی كوردستان، هەولێر، ١٩٧٢، لا ( ١١٩ د ١١ )، هەروەها دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولكەریم، چاپی دووەم ، چاپخانەی حسام، بەغدا ، ١٩٨٤ ، لا ( ٤٥ د ١ ) .

٣٣. دیوانی حەمدی ، لا ( ٨٤ ) .

٣٤. د. عەبدوڵلاّ خدر مەولوود ، لا ( ١٥٢ ) .

٣٥. سەرچاوەی پێشوو ، لا (١٥٢) .

٣٦. دیوانی حەمدی ، لا ( ٢٣٥ ) .

٣٧. د. عەبدوڵلاّ خدر مەولوود ،لا (١٥٢) .

٣٨. عەبدولسەلام سالار عەبدوڕەحمان ، لا ( ١٢٦ ) .

٣٩. بڕوانه : فەرهاد قادر كەریم، بنیاتی وێنە لە شیعرەكانی حەمدیدا ، نامەی دكتۆرا ، كۆلێجی زمان ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، لا (٧ – ١٥) .

٤٠. بڕوانە: د.منصور عبدالرحمن ، لا ( ٣٩٥ ) ، د. محمد حسين علي الصغير، لا ( ١١٤ )، عەبدولسەلام سالار عەبدوڕەحمان وێنەی هونەری لە شیعری شێخ نووی شێخ ساڵەحدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، لا ( ١٤٦ ) .

٤١. عبد القاهر الجرجاني ، دلائل الإعجاز، تصحيح: محمد عبده و محمد محمود التركزي الشنقيطي ، دار المعرفة للطباعةو النـــشر ، بيروت ، ١٩٧٨، لا ( ٥٢ ) ، قودامەی كوڕی جەعفەر لە ژێر ناوی ( الإرادف )دا هەمان پێناسەی كردووە ، بڕوانـه : ابـــو

الفرج قدامة بن جعفر، نقد الشعر، تحقيق و تعليق: د. محمد عبد المنعم خفاجی، دار الكتب العلميه ، بيروت، د.ت ،لا ( ١٥٧ ) .

٤٢. بڕوانه : الخطيب القزويني ،لا ( ٢٢٥ ) ، احمد الهاشمي ، لا ( ٢٠٦ ) .

٤٣. بڕوانه : عەبدولسەلام سالار عەبدوڕەحمان ، لا ( ١٤٧ ) .

٤٤.عبد القاهر الجرجاني ، دلائل الإعجاز ، لا (٥٦) .

٤٥.د. فالح حمد احمد الحمداني ، لا ( ٢٤٦ ) .

٤٦. دیوانی حەمدی ، لا ( ١٧٤ ) .

٤٧.بڕوانه:احمد الهاشمي، ص (٢٠٧)، احمد بسّام ساعي، لا (١١٣)، عەزیز گەردی ، لا (٩٠).

٤٨. دیوانی حەمدی ، لا ( ٢٥٦ ) .

٤٩. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ١١٥ ) .

٥٠. دیوانی حەمدی ١٩٥٧ ، لا ( ٨٦ ) .

٥١. بڕوانه : د. محەمەد نووری عارف ، فەرهەنگی ( نالی – سالم – کوردی ) ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧ لا ( ٧٣٠ ) .

٥٢. بڕوانه : دیوانی حەمدی ، لا ( ١٢٥ ) .

٥٣. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٧٣ ) .

٥٤. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ٣٤٠ ) .

٥٥. سەرچاوەی پێشوو ، لا ( ١١٩ ) .

٥٦. سەرضاوةى ثيَشوو ، لا ( ١٣١ ).

## سەرچاوەکان


### ١. کوردی

**أ. کتێب :**

١. دیوانی حەمدی ، لێکۆڵینەوەی: جەمال محەمەد محەمەد ئەمین ، چاپخانەی سەرکەوتن ، سلێمانی، ١٩٨٤ .

٢. دیوانی سالم ، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٢.

٣. دیوانی مەحوی ، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چاپی دووەم ، چاپخانەی حسام، بەغدا ، ١٩٨٤ .

٤. دیوانی نالی ، لیکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٦.

٥. د.عەبدوڵلا خدر مەولوود ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٤.

٦. عەزیز گەردی ، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی الجاحظ ، بەغدا ، ١٩٧٢ .

٧. د. محەمەد نووری عارف ، فەرهەنگی ( نالی – سالم – کوردی ) ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

**ب . نامە ئەکادیمییەکان:**

١. عەبدولسەلام سالار عەبدوڕەحمان، وێنەی هونەری لە شیعری شێخ نووی شێخ سالەحدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٢. فەرهاد قادر کەریم ، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٣. هیتلەر احمد حمه ، وێنەی شیعری لای نالی ، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠١.

### ٢. عەرەبییەکان

١. ابو الفرج قدامة بن جعفر، نقد الشعر، تحقيق و تعليق: د. محمد عبد المنعم خفاجی، دار الكتب العلميه ، بيروت، د.ت.

٢. د. احمد بسّام ساعي ، الصورة بين البلاغةو النقد ، الطبعة الاولى ، المنارة للطباعة والنشرو التوزيع ، ١٩٨٤.

٣. د. احمد مطلوب ، في المصطلح النقدي ، مطبعة المجمع العلمي ، بغداد ، ٢٠٠٢ .
٤. احمد الهاشمي، جواهر البلاغة ، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان ،٢٠٠١.
٥. د. جابر احمد عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي ، دار الثقافة ، القاهرة، ١٩٧٤ .
٦. الخطيب القزويني، الإيضاح في علوم البلاغة ، تحقيق و تعليق: غريد الشيخ محمد و إيمان الشيخ محمد ، دار الكتاب العربي ، بيروت ، ٢٠٠٨.
٧. سعد الدين مسعود بن عمر التفتازاني ، المطوّل (شرح تلخيص مفتاح العلوم) ، تحقيق: د. عبدالحميد هنداوي ، دار الكتب العلمية ، بيروت ، ١٤٢٤ هـ .
٨. عبدالرحمن إدريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد البرزنجي والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، دار الحكمة ، لندن، ٢٠٠٥ .
٩. عبد القاهر الجرجاني ، اسرار البلاغة ، دار المعرفة ، بيروت- لبنان ، ٢٠٠٢.
١٠. عبد القاهر الجرجاني، دلائل الإعجاز، تصحيح: محمد عبده و محمد محمود التركزي الشنقيطي، دار المعرفة للطباعة و النشر ، بيروت ، ١٩٧٨.
١١. د. عدنان حسين قاسم ، التصوير الشعري – التجربة الشعورية و ادوات رسم الصورة الشعرية/ المنشاة الشعبية للنشر و التوزيع و الاعلان ، ليبيا، ١٩٨٠.
١٢. د.فالح حمد احمد الحمداني، الصورة البيانية في الحديث النبوي الشريف، مؤسسة الوراق، الاردن، ٢٠٠١.
١٣. د. محمد حسين علي الصغير ، اصول البيان العربي ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٦ .
١٤. د. نصرت عبدالرحمن ، الصورة الفنية في الشعر الجاهلي ، الطبعة الثانية ، الاردن ، ١٩٨٢ .


## المُلخَّص

هذهِ الدراسةُ الموسومةُ بـ ( الصورة البيانية في أشعار حمدي) تُحاولُ إبرازَ كيفيةِ استفادةِ (حمدي) من فنون (التشبيه والاستعارة والمجاز) في بناءِ صُوَرِهِ الشعريةِ، فقد كانَتْ هذهِ الفنونُ تُزيّنُ أشعارَهُ من جانبٍ وتجسّد أفكارَ قصائدِهِ من جانبٍ آخرَ.

وفي اعتقادِنا أنَّ طولَ باعِ الشاعرِ في هذا المجالِ يُعدُّ سبباً من الأسبابِ الرئيسةِ التي أدّت بكثيرٍ من الكُتّابِ والنُقّادِ يعطُون هويةَ الخلودِ لنصوصِهِ الشعريةِ.



## Abstract

This research entitled (illustrative image in Hamdi‘s poems). Tries to show the way that the poet‘s benefits from the techniques of (similarity, metaphor, and metonymy) in his constructions of images.

These techniques are generally beautifying  the poems and on the other hand they make the texts thoughts seem sensuous. Nonetheless, the authors and critics to give title  of immortality to his poetic texts.